***راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە:***

# جارێکی‌تر رژیم لە مەهاباد جینایەتی خوڵقاند



رۆژی شەممە رێکەوتی ١٨ی تیر مانگ هێزەکانی رژیم لە گەڕەکی پشت تەپ چەند لاوێك دەدەنە بەردەسرێژ و دووکەسیان لێ بریندار دەکەن و یەکێکیان دەکوژری، ناوی کوژراوەکە کەماڵ ئەسفرام بوو کە بە شوانە دەناسرا و کوڕی سەید قادرە و تەمەنی ٣٠ساڵ بوو. تەرمی ئەم لاوە شەهیدە شەوی رۆژی دواتر، واتە دوێنی بە شپرزەیی تەحویلی بنەماڵەکەی دەدەنەوە. ئەم کردەوە خەڵکی گەڕەکە فەقیر نشینەکانی پشت تەپ،باغی شایگان و مەیدانی ئیستقلال تووڕە دەکات و بە هەزاران کەس دەڕژێنە کوچەوکۆڵان و تەرمی کاك کەماڵ دەبەنە گۆڕستان و دەی نێژن و بەنیشانەی حورمەت لێنان چەند کەس بە سەروچاوی داپۆشراو بە چەکی سووك چەند تەقەیەك دەکەن و خەڵکەکە دژ بە کۆماری ئیسلامی دروشم دەدەن.

ئێستا گەڕەکەکانی باغی شایگان، پشت تەپ و ئیستقلال لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە گەمارۆ دراون و خەڵکیش بۆ پاراستنی خۆیان بەرامبەریان وەستاون و سەنگەریان گرتووە و بە گشتی شاری مەهاباد لە دۆخێکی نائاسایی دایە.

بە پێی ئاخر هەواڵێکە کە دووشەممە بە ئێمە گەیشتووە هێشتا بریندارەکان لە نەخۆش خانەن. خەڵکی شار لە دووپات بوونەوە ی ئەم چەشنە جینایەتانە زۆر توڕەن ولاوانی تێکۆشەری مەهاباد بە هەمووشێوەیەك بە رەنگاری هێزەکانی رژیم دەبنەوە.

ئێمە ئەم جینایەت و کوشتارەی لاوانی مەهاباد مەحکووم دەکەین وخوازیاری بە سزا گەیاندنی تاوانبارانی مەرگی کاك کەماڵ ئەسفەرام و بریندار کردنی ئەم دووکەسەی ترین و سەرەخۆشی گەرمی خۆمان بە بنەماڵەی کاك کەماڵ و خەڵکی کۆڵنەدەری مەهاباد رادەگەینین.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٢٠ی تیرمانگی١٣٨٤

*__ڕاگەیاندنی ژمارە ٢ی سکرتاریەتی کۆمەڵە__*

# ناڕەزایی جەماوەری لە دژی جینایەتەکانی ڕژیم لە مەهاباد درێژەی هەیە



خەڵکی خەباتکاری مەهاباد بۆ ناڕەزایی دەربڕین بە کوشتنی وەحشیانەی کەماڵ ئەسفەرام ناسراو بە شوانە، لە سەر لە بەیانی ئەمڕۆوە دەستیان داوەتە مانگرتن وناڕەزایی دەربڕین و هەموو دووکان وبازاڕ و هەموو شوێنەکانی شار بەتەواوی داخراوە. لاوان لە گەڕەکەکان و سەر شەقامەکان کۆبوونەتەوە و وێڕای مەحکووم کردنی ئەم چەشنە وەحشیگەریانەی ڕژیم، خوازیاری لێپرسینەوە و سزادانی بەرپۆوەبەران و بڕیاردەرانی تەقەکردن لە خەڵکی مەهابادن. هەر ئێستا شاری مەهاباد لە کەشێکی ئاڵۆزو شێواودایە.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠٠٥/٧/١٣_١٣٨٤/٤/٢٢

*__ڕاگەیاندنی ژمارە ٣ی سکرتاریەتی کۆمەڵە:__*

# حکوومەتی نیزامی لە شاری مەهاباد، ڕق و تووڕەیی گشتی خەڵکی کوردستانی بە دواوەیە

ڕژیم لە تەواوی شار و گەڕەك و شەقامەکان و دەور و بەری شاری مەهاباد، هێزی نیزامی جێگیر کردووە و دەستیان کردووە بە پشکنینی ماڵان و ئەزیەت و ئازاردانی خەڵك لە گەڕەکەکان. خەڵکی پیرانشار شەوی دووشەممە و سێشەممە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد و خواستی هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی نیزامی لە مەهاباد و ئازادی دەست بە سەر کراوەکان، خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان وەڕێ خست. خەڵکی شارەکانی تری کوردستان بە شێوەی جۆرا و جۆر ناڕەزایەتی خۆیانیان دەر بڕیوە و هەر ئێستا لە هەندێك لە شارەکان، خەریکی خۆئامادە کردنی مانگرتن و ناڕەزایەتی گشتین بۆ پشتیوانی لە خواستەکانی خەڵکی مەهاباد.

کاربەدەستانی هێزی نیزامی وەکوو هەمیشە دەستیان کردووە بە چەواشە کردنی ڕاستییەکانی کوشتنی کەماڵ ئەسفەرام ناسراو بە شوانە و بە بێشەرمییەوە ڕایانگەیاندووە کە ناوبراو لە کاتی تێکهەڵچوون لەگەڵ مەئموورین دا شەهید بووە، ئێمە و خەڵکی کوردستان ئەم ئیدیعا قێزەونە ڕەت دەکەینەوە و دڵنیاین کە تووڕەیی و بێزاری بەربڵاوی خەڵکی بە دواوەیە.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠٠٥/٧/١٩

***راگەیاندنی ژمارە ٤ی سکرتاریەتی کۆمەڵە:***

# ئەشکەنجەی گیراوەکان و مانگرتنی گشتیی لە شاری مەهاباد

بە دوای پشتیوانی بەشێك لە شارەکانی کوردستان لە خواستەکانی خەڵکی مەهاباد، بە تایبەت خواستی ئازاد کردنی سەدان کەسی لە بەند کراو، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەشکەنجە دانی وەحشیانەی دەست بە سەر کراوانیان دەست پێکردووە.

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بە ئێمە گەیشتوون، بەند کراوەکانی مەهاباد کەوتوونەتە ژێر توندترین ئەشکەنجەی جەستەییەوە. بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەم هەڵسووکەوتە وەحشیانەیە، لە سەر لە بەیانی ئەمڕۆوە خەڵکی شاری مەهاباد تەواوی دوکان و فرووشگاکانیان داخستووە و دەستیان داوەتە مانگرتنی گشتیی و سیاسی.

ئێمە بۆ جارێکیتر لە خواستی خەڵکی مەهاباد پشتیوانی دەکەین و داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی و رێکخراوەکان، کەسایەتییەکان و خەباتکارانی سیاسی لە ئێران دەکەین کە دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەم کردەوە وەحشیانەیە بەرزتر بکەنەوە.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠٠٥/٧/٢٣

***راگەیاندنی ژمارە ٥ی سکرتاریەتی کۆمەڵە:***

# نارەزایەتیی بەرینی خەڵکی سەردەشت لە دژی سەرکوتگەرییەکانی رژیم لە مەهاباد



رۆژی یەك شەممە لە سەعات ١٢ی نێوەڕۆوە خەڵکی شاری سەردەشت بۆ نارەزایەتیی دەربڕین لە دژی رژیم و بۆ پشتیوانیی لە خواستەکانی خەڵکی مەهاباد، دووکان و بازاڕی شاریان داخست.

درەنگانی ئێوارە کۆبوونەوەی خەڵك لەگەڕەك و شەقامەکانی شار پەرەی سەند و خۆپیشاندانی جەماوەر بۆ پشتیوانیی لە خەڵکی مەهاباد دەستی پێکردوو هێزی ئینتیزامی بە زەبروو زەنگ و تەقە کردن ویستی پێش بە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵك بگرێ، بەڵام هەتا درەنگانی شەو نارەزایەتیی و خۆپیشاندانی خەڵك درێژەی کێشا. دوابەدوای ئەو خۆ پیشاندانە هێزەکانی رژیم لە شەوی رابووردووەوە حکوومەتی نیزامیان بە سەرشاردا سەپاندووە و بارودۆخی شار ئاڵۆزە. هێشتا هیچ هەواڵێك دەربارەی بریندار بوون یان کوژرانی خەڵك لەبەردەست دا نییە.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٣٨٣/٥/٣_٢٠٠٥/٧/٢٥